# کوتان دژی ئەنفلۆنزا تازەکە

*Sydkurdiska*

ئێستا تۆ لە دژی ئەنفلۆنزای A(H1N1) کوتراویت. لێرەدا دەتوانیت دەربارەی ئەوەی کە لە کاتێکدا کە پرسیاری زیاترت هەبوو لەوبارەیەوە، دەبێت چۆنچۆنی و بە کێوە پەیوەندی بگریت.

## دەربارەی ئەنفلۆنزاکە

ئەنفلۆنزای A(H1N1) ئەنفلۆنزایەکی پاندێمیە، کە لە هەموو جیهاندا بڵاو دەبێتەوە. لە ڕابردوودا هیچ کەسێك تووشی ئەو ئەنفلۆنزایە نەبووە و لەوانەیە هیچ کەسێك بەرگری لە دژی ئەو ئەنفلۆنزایە لە لەشیدا نەبێت. لەبەرئەوە بەبەراورد لە گەڵ ئەنفلۆنزای ئاسایی وەرزیی، ژمارەیەکی فرە زۆرتری خەڵکی ئەگەری ئەوەیان تێدایە کە نەخۆش کەون.

هەندێك لە دیاردەکانی بریتین لە تا، کۆخە، ئاوی لوت، ئازاری گەروو، ئازاری سەر و ماسولکەکان. لە زۆربەی کاتدا هەست بە ماندوویی دەکەیت و تووشی سکچوون دەبیت. لە ماوەی هەفتەیەکدا ئەو نیشانانە وون دەبن. هەندێك کەس، بە نمونە ژنانی سکپڕ و ئەو کەسانەی کە نەخۆشیگەلی درێژخایەنی دڵ و سیەکانیان هەیە، ئەگەری زیاتریان تێدایە کە بە سەختی نەخۆش کەون و تووشی نەخۆشیگەلی وەکو هەوکردنی سیەکان بن بەو هۆیەوە.

## لە کاتی کوتاندا لە نێو لەش چی ڕوودەدات

لەکاتی کوتاندا بەشێکی ناچالاکی ڤایرۆسی ئەنفلۆنزاکە دەکرێتە ناو لەشەوە، تاوەکو لەش بتوانێت بۆ بەرهەمهێنانی بەرگریی لە دژی ئەو ئەنفلۆنزایە بەکاریبێنێت. ئەو برە بەشی ئەوە ناکات کە پێی نەخۆش بکەویت بەڵام بەشی ئەوە دەکات کە لەش بتوانێت بەرگریەك لە دژی ئەو ئەنفلۆنزایە بنیاد بنێت. ئەگەر دواتر تووشی ڤایرۆسەکە بوویت ئەوا پێشتر بەرگریی لەش لەدژی چالاك بووە تاوەکو بتوانێت ڕووبەڕووی ڤایرۆسەکە ببێتەوە و لە پەلوپۆی بخات، بەبێ ئەوەی کە نەخۆشیەکە گەشە بکات.

## ئایا ئەو کوتانە چ بەرگریەك لە دژی ڤایرۆسی A(H1N1) دروست دەکات

ڤاکسینی Pandemrix کە لە کوتانی دژی ئەنفلۆنزای A(H1N1) بە ڕێژەی سەدا نەوەد لە دژی تووش بوون بە ئەنفلۆنزاکە دەتپارێزێت. ئەوەش بە مانای ئەوە دێت کە هەموو ئەوانەی کە دەکوترێن ناتوانن بەرگریەکی تەواو پەیدا بکەن. بەڵام تا کەسانی زیاتر خۆیان بکوتن ئەوا ئەگەری تووشبوونی ئەو کەسانەی کە توانای بەدەستهێنانی پاراستێنکی تەواویان نیە، کەمتر دەبێتەوە.

## ئایا تووشی ئازاری لاوەکیی دەبیت؟

وەکو هەموو داوودەرمانێك پاندێمریکسیش Pandemrix دەکرێت ببێتە هۆی توش بوونت بە ئازاری لاوەکی. ئەو ئازارە لاوەکیانە بە زۆری دوای ڕۆژێك دوو ڕۆژ لادەچن بەبێ بەکارهێنانی داوودەرمان. ئەگەر ئازارە لاوەکیەکان لانەچوون یان تووشی ئازاری وا بوویت کە لێرەدا ناوی نەهاتووە، ئەوا پەیوەندیی بکە بە دەزگاکانی تەندروستیەوە.

- زۆر بەربڵاو (کە تووشی بە لایەنی کەمەوە یەك لە دە کەسی کوتراو دەبن): ئازار، سووربوونەوە، ئاوسان، ڕەقبوونی شوێنێکی دیاریکراوی لەش، ئازاری سەر، ماندوویێتی، تا، ئازاری ماسولکە، ئازاری جومگە.
- بەربڵاو (کە تووشی بە لایەنی کەمە یەك لە سەد کەسی کوتراو دەبن): هەست کردن بە گەرما، خوران، شینداگەڕانی شوێنی نوکی دەرزیی کوتانەکە، زیادبوونی ئارەقەکردنەوە، سەرمابوون، نیشانەی لە ئەنفلۆنزا چوو، ئاوسانی غودەکانی گەروو و بنهەنگڵ و ناوگەڵ.
- نە زۆر بەربڵاو (کە توشی بەلایەنی کەمەوە یەك لە هەزار کەسی کوتراو دەبێت): بروسکەی ئازار، سڕ بوونی دەست یان پێ، خەواڵوویی، سەرسوڕان، سکچوون، ڕشانەوە، ئازاری گەدە، هەست کردن بە نەخۆشیی، خوران، لیر لێ هاتن، ئێشانی لەش بەشێوەیەکی گشتی، بێخەوی.

## بۆ زانیاری زیاتر

قسە لە گەڵ ئەو شوێنەدا بکە کە لێی کوتراوی یاخود تەلەفۆن 1177 دەزگای ڕێنمایی تەندروستی بکە یاخود تەلەفۆن بۆ 1177 دەزگای ڕێنمایی تەندروستیی لاندستینگ بکە. دەکرێت لە ڕێگای ژمارە تەلەفۆنی 1177 و ماڵپەڕی www.1177.se پەیوەندیی بە دەزگای ڕێنمایی تەندروستیەوە بکەیت.



Jupiter Reklam, 2009.

SMITTSKYDDSINSTITUTET
Swedish Institute for Infectious Disease Control

LÄKEMEDELSVERKET
MEDICAL PRODUCTS AGENCY

1177
Råd om vård på webb och telefon

Socialstyrelsen